زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

کۆلێژی زمان

بەش: زمانی کوردی

قۆناغ: سێیەم

بابەت: چیرۆك و ڕۆمان

کات: (٢) کاتژمێر

تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم (٢٠٢٣-٢٠٢٤)

**پ١) ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە. (١٥نمرە)**

أ. پێناسەیەکی چیرۆک ب. گێڕانەوە پ. پێناسەی فۆرستەر بۆ کارەکتەر ت. کات دەرەکی

ج. ڕەهەندی ڕۆشنبیری کارەکتەر

**پ٢) باسی ئەمانەی خوارەوە بکە: (٢٠نمرە)**

أ. لە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی مێژووی چیرۆکی کوردی باسی قۆناغی(سێیەم) بکە.

ب. بۆچی مێژوویەکی کورت بۆ ڕۆمانی کوردی تۆمار کراوە؟

**پ٣) گۆڤاری گەلاوێژ لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی هونەری کوردی سێ ڕێچکەی گرتەبەر باسی بکە و ناوی چیرۆکنووسانی گەلاوێژ بنووسە. (١٠نمرە)**

**پ٤) ئەم کورتە چیرۆکەی خوارەوە بخوێنەوە و وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە: (١٥نمرە)**

زۆرم نەمابوو بگەمە سەر ترۆپک. هێشتا بەردەکەم لەسەر پشت بوو. لەناکاو کەوتمە ناو چاڵێکەوە، بەردەکە کەوتە سەر جەستەم، بەخاکەوە نووسام. داڵاشە برسییەکان نێچیری خۆیان دەستکەوت، لە دەورم دەسووڕانەوە، لە دیارما هەڵترووشکان. چاوەڕوانی ئەوە بوون لە بن بەردەکە بمێنمەوە. کە هاتمە دەرەوەش شاڵاوی مەرگم بۆ بێنن.هەڵۆیەکی گەورە هات بەردەکەی لەسەر لادام و وەک جاران خستییەوە سەر پشتم، لە چاڵەکە دەری هێنام و نان و ئاوی دامێ. تۆزێک پشووم هاتەوەبەر. هەنگاوم هەڵێنا نەدەگەیشتمە جێ. کاتێ لە ترۆپک نزیک دەبوومەوە، هەڵۆکە ڕێی بە داڵاشەکان دەدا بەردەکەم لەسەر پشت فڕێ دەن و بۆ ناو چاڵەکە گلۆرم بکەنەوە. دیسان وەک جاران بەردەکەم بە کۆڵ دادەدرایەوە. سەیری ئاسمانم دەکرد یەک پارچە بووبووە ئاوێنە، کەچی بەردەکەی سیزیف هەر لەسەر پشتی من بوو.

تێبینی: پرسیارەکان لە پشتەوەیە.

أ. جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی ئەرکەوە لەم کورتە چیرۆکەدا دەستنیشان بکە.
ب. ئەم چیرۆکە بە پێی چ بگێرەوەیەک گێردراوەتەوە؟
ت. شوێنی (ناو چاڵێکەوە) و (سەر ترۆپک) لە رووی چەمکی هەبوونەوە و لە رووی چەمکی بەکارهێنانەوە چ جۆرە شوێنێکن.
ث. ڕووداوی سەرەکی و یەک ڕووداوی لاوەکی لەم چیرۆکەدا دەستنیشان بکە.
ج. ناونیشانێک بۆ ئەم چیرۆکە دابنێ.

مامۆستای بابەت

م.ی. روناک صلاح علی